لە ماڵپەڕەكانی ئینتەرنێتەوە

# حەماس گەڕانەوە بۆ خاڵی سفر یان داننان بەراستیێكان

هەڵبژاردنەكانی ئەم دواییەی ناوچەی ژێردەسەڵاتی فەلەستینیەكان كە تیایدا ڕێكخراوی حەماس دەنگێكی زۆری بەدەستهێنا چەند ڕاستیەك دەخاتە ڕوو كە پێویستە هەموو لایەنەكان، چی خودی فەلەستینیەكان بێت، وڵاتی ئیسرائیل، وڵاتانی عەرەبیو ئیسلامی یان ئەوانەی كە بەهێزی كاریگەر ناودەبرێن لەكێشەی نێوان فەلەستینو ئیسرائیل زۆر بەووردی دایڕێژن پێش وەرگرتنی هەر هەڵوێستێك بەرامبەر ئەنجامی هەڵبژاردنەكان.

دیارە پاش كشانەوەی ئینگلیز لەفەلەستینو دروست بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست چووە ناو بارێكی سیاسی زۆر ئاڵۆز كە تاكو ئێستا چارەسەرێكی ئەوتۆی بۆ نەدۆزراوەتەوە. دان نانی نەتەوەیەكگرتووەكان لەساڵی ١٩٤٨ بە بوونی دەوڵەتێكی ئیسرائیلی لەپاڵ دەوڵەتێكی عەرەبی فەلەستینی كە هەموو عەرەب دژایەتی كرد. كێشەكەی ئاڵۆزتر كرد كە ساڵەهای ساڵی خایاندا تاكو هەناسەیەكی ئاشتیانەی بەخۆوەدی.

پاش ڕازی نە بوونی جیهانی عەرەبی بە بوونی دەوڵەتێكی ئیسرائیلیو كاركردن لەپێناو لەناوبردنی ئەم دەوڵەتەو دژایەتكردنی هەموو ئەو لایەنانەی كە بەرگریان لەبوونی ئەو جۆرە دەوڵەتە دەكرد بووە هۆی بەرپابوونی چەند جەنگێكی خوێناوی لەڕۆژهەڵاتی ناوەراست كەتاكو ئێستاش ئاسەواری لەناوچەكە ماوە.

هەندێ ئاسەواری ئەو جەنگە خوێناویانە، ئاوارەبوونی چەند ملیۆنێكی خەڵكی فەلەستین بوو بۆ وڵاتانی ناوچەكە، ئاڵۆزی سیاسی لەڕۆژهەڵاتی ناوەراستو پاشان نەدۆزینەوەی ڕێگەچارەیەك تاكو ئێستا بۆ ئەو كێشەیەی نێوان ئیسرائیلو هەموو عەرەب.

بەرپابوونی ڕێكخراوێكی چەكداری فەلەستینی لەساڵی ١٩٦٧ بەناوی (بەرەی ئازادیخوازی فەلەستین) بەسەرۆكایەتی (یاسر عەرەفات)، كە ئامانجی لەناوبردنی دەوڵەتی ئیسرائیل بوو، لەكاتێكدا سەری هەڵدا كە شەری ساردی نێوان ڕۆژئاواو دنیای كۆمەنیست لەگەرمەی خۆی بوو كە دەكرێ هۆیەكەی بگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵی گرنگ.

١ـ پشتگیری تەواوی ئەمریكاو ڕۆژئاوا لەوڵاتی ئیسرائیل.

وڵاتانی ڕۆژئاوا بەهۆی پشتگیری و بەرگری لەئیسرائیل لەكاتی هەردوو جەنگی نێوان عەرەب و ئیسرائیل لەساڵانی ١٩٦٧وە تا ساڵی ١٩٧٣ كاتێ بەئاشكرا ڕۆژئاوا بەشداری لەجەنگەكان كردوهێزی سەربازی توندی بەرامبەر وڵاتانی عەرەبیو فەلەستینیەكان بە كارهێنا.

٢ـ ململانێی سیاسی نێوان ناتۆ و بەرەی كۆمەنیست بۆ دەستگرتن بەسەر جیهان. ئەم ململانێیەی نێوان ڕۆژئاواو جیهانی كۆمەنیست بۆ دەستگرتن بەسەر جیهان وای لەزۆر سەرانی عەرەب و فەلەستینیەكان كرد كە سۆڤیەت بەتاقە دۆستی مەسەلەكەیان ببینن، ئەمریكاش بەدوژمنو هاوپەیمانی تەواوی ئیسرائیل.

لەساڵی ١٩٦٧ تاكوساڵی ١٩٩٢ لایەنی فەلەستینی بەتایبەت ڕێكخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین یەك ڕێبازو شێوەی خەباتی گرتبووەبەر كە ئەویش خەباتی چەكداری بوو دژ بە ئیسرائیل، هەموو نزیكبوونەوەیەك یان ڕێكەوتنێكی سیاسی لەگەڵ ئیسرائیل قبوڵ نەدەكرد، بەڵام هەڵوەشانەوەی سۆڤیەتو نەمانی كۆمەنیست وەرچەرخانێك بوو لەسیاسەتی عەرەبی بەشێوەیەكی گشتی بەرامبەر ڕێگاچارەیەك بۆ كێشەی فەلەستین كە ئەمریكای هاودۆستو هاوپەیمانی وەك تەنها زلهێزێكی جیهانی هێشتەوە.

ڕێكەوتننامەی نێوان میسر و ئیسرائیل، كاتێ (ئەنوەر سادات)و سەرۆك كۆماری میسر ڕێكەوتننامەی نێوان وڵاتەكەی و ئیسرائیلی مۆركرد كاریگەرێكی ئەوتۆی لەسەر گۆڕینی سیاسەتی فەلەستینیەكان و زۆربەی وڵاتانی عەرەبی نەكرد، ئەگەرچی زۆر لەپسپۆرانی سیاسی ئەو هەڵوێستە بەگەورەترین هەڵەی سیاسی لایەنی عەرەبی ناودەبەن.

زۆر لەوڵاتانی عەرەبی كە كێشەی فەلەستینیان بەكاردەهێنا بۆ مانەوەو پاراستنی دەسەڵاتی سیاسیان بەهیچ جۆرێك ڕازی نەبوون فەلەستینیەكان ڕێكەوتنی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل مۆربكەن. عێراق، سوریا وە هەموو ئەو ڕژێمانەی لەڕێگای كودەتای سەربازی یان پاش سەربەخۆیی دەسەڵاتیان گرتبووە دەست كێشەی فەلەستینیان بە باشترین زەمینە دەبینی بۆ مانەوەو بەردەوامی دەسەڵاتیان. زۆر لەو سیاسەتانەی ڕژێمە عەرەبییەكان بەكاریان دەهێنا بەرامبەر میللەتانی خۆیان هۆیەكانیان دەگەڕاندەوە بۆ ڕێگاگرتن لەنزیكبوونەوەی ئەمریكاو ڕۆژئاوا لەهەندێ هێزی سیاسی ناو وڵاتەكانیان كە نیازی مساوەمەیان هەیە لەگەڵ دوژمنی گەورەیان كە ئیسرائیلە.

نەمانی كۆمەنیسمو مانەوەی ئەمریكا وەك زلهێزێكی جیهانی، نەگەیشتن بەهیچ ئامانجێك لەڕێگای خەباتی چەكدرایەوە دژ بە ئیسرائیل، شكستی عەرەب لەهەردوو جەنگی ساڵانی ١٩٦٧وە ١٩٧٣ دژ بە ئیسرائیل، ئەزموونی تاڵی فەلەستینیەكان لەگەڵ ڕژێمەكانی عەرەبی، فشاری ئابووری و سیاسی ڕۆژئاوا بۆسەر فەلەستینیەكان وە زۆر هۆی تریش، فەلەستینیەكانی ناچاركرد ڕازی بچنە ناو پرۆسەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل، پاش ئەوەی زۆر لەو هەڵە باشانەیان لەدەستدا لەرابردوو بۆ چارەسەرێكی ئاشتیانە بۆ كێشەكە.

ڕێكخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین پاش شۆڕشی ئیسلامی ئێران دووچاری كێشەیەكی تر بوو، ئەویش بە سەرهەڵدانی لایەنی ئیسلامی سیاسی لەناو خەڵكەكەی، ئەم لایەنە ئیسلامیەش بەهۆی ئایدۆلۆژیاو بۆچوونەكانی هەموو شكستێكی سیاسی خەڵكی فەلەستینی دەگەڕاندەوە بۆ هۆیە دەرەكیكانو ناوكیەكان. هۆیە دەرەكیكان لەهاوپەیمانێتی هەموو دنیای ڕۆژئاواو غەیرە ئیسلامی بۆ دەوڵەتی ئیسرائیل، پاشان هۆیە ناوەكیكان كە هیچ هێزێكی سیاسی غەیرە ئیسلامی ناتوانێ خەڵكی فەلەستین لەكێشەكەی ڕزگاربكات.

ئەمان فەلسەفەی ئیسلامیيان بە باشترین ڕێگاچارە دەبینی بۆ سەربەخۆییو وەستان بەرامبەر هەموو ئەو هەڕەشانەی كە ڕۆژئاوا دەیكاتە سەر فەلەستینیەكان، هەموو بیرێكی تری سیاسیان بەدروستكراوی دوژمنی ئیسلام دەبینی.

ئەو هێزە ئیسلامیانەی كە پەیدابوونو توانیان بەماوەیەكی كورت پەرەبسێنن، ڕێكخراوی (حماس و جیهاد ئیسلامی) بوون كە هەموو كێشەكانی فەلەستین و خەڵكەكەیان دەگەڕانەوە بۆ ئەو سیاسەتە چەوتانەی بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستین یان بۆ ئەو سیاسەتانەی ڕژێمە بەناو علمانیەكانی جیهانی عەرەبی سەبارەت بە كێشەی فەلەستین، ئەم دوو ڕێكخراوە ئیسلامیە تازەیە مانەوەو بەهێزبوونی ئیسرائیلیشیان دەخستە ئەستۆی هاوكاری ڕۆژئاوا بۆ ئیسرائیل.

ئەم دوو هێزە ئیسلامیە تەنها ڕێگایەك بۆ ڕزگاریی خەڵكی فەلەستین بە لەناوبردنی ئیسرائیل و لێدانی هەموو هاوپەیمانەكانی لەناوچەكە دەبینی، ئەمەش هەمان هەڵوێستی سیاسی بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستین بوو كاتێ خۆی، پێش ڕازی بوونیان بەپرۆسەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل.

بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستین پاش ئەزموون وخەباتێكی چەكداری دوورودرێژ، پاشان دوای هەموو ئەوگۆرانكارییە سیاسیانەی جیهان ناچار بوو دان بەبوونی دەوڵەتێكی ئیسرائیلی بهێنێ و ڕێكەوتننامەی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل مۆربكات، ئەوەبوو لەسەرەتا ڕێكەوتننامەی مەدرید مۆركرا، پاشان ئەوەی ئۆسلۆ و ئەمەریكا. بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستین لەناو جیهانی عەرەبیش شكستی گەورەی بەدەستهێنا كاتێ لایەنگیری داگیركردنی كوێتی كرد لەلایەن عێراقەوە، ئەوەبوو زۆر لەدەستكەوتە ئابوورییەكانی ئەم وڵاتانەی لەدەست چوو.

پاش دەركردنی عێراق لەكوێت، بوونی هێزەكانی ئەمەریكا بەچڕی لەناوچەكە، مانەوەی ئیسرائیل وەك تەنها هێزێكی سەربازی لەڕۆژهەڵاتی ناوەراست، بەرەی ڕزگاری فەلەستین ناچابوو ئەو ڕاستیانە قبوڵ بكات كەتەنها هێز بتوانێ چارەڕێگایەك بۆ كێشەكە بدۆزێتەوە خودی ئەمریكایە، بەتایبەتی كاتێ ئەمەریكا و ئیسرائیل دژ بەهەموو بەشداری بوونێك یان دەستێوەردانێكی ئەوروپا بوون لەكێشەكە.



وەهاب شاه محەمەد

پرۆسەی ئاشتی نێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەكان كە بەپیرۆزبایی وبەرنامەی ئەمەریكا دەستی پێكردوو بەڕێوە دەچوو دەسكەوتێكی زۆری بۆ خەڵكی فەلەستین هێنایەدی، هەموو خەباتی ساڵانی چەك نەیتوانی بەشێكی كەمی ئەو دستكەوتانە بەدی بهێنێ، ئەمەش كاتێ كرا كەرێكخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین گۆڕانكارییەكی زۆری لەپەیڕەو بەرنامە سیاسییەكانی دژ بەئیسرائیل ئەنجامدا، بەتایبەت سەبارەت بەمافی بوونی ئیسرائیل لەناوچەكەو وازهێنان لە خەباتی چەكداری بۆچارەسەركردنی كێشەكان.

ئێستا پاش هەڵبژاردنەكان كەحەماس نزیكەی ٧٤٪ دەنگەكانی خەڵكی بەدەست هێنا، باری سیاسیو كێشەی فەلەستینی چووە قۆناغێكی تازەوە. ئەگەر حەماس سووربێت لەسەر هەمان سیاسەتی خۆی كەئەویش داننەنانە بە بوونی ئیسرائیل و بەردەوام بوون لەسەر خەباتی چەكداری بۆ كێشەكە، یان هاوكاری كردنی هێزە ئیسلامیەكانی ناوچەكە كە بەدووژمنی گەورەی ئەمریكاو ئیسرائیل ناو دەبرێن، ئەوە كێشەی فەلەستین دەگەڕێتەوە خاڵی سفرو ئاڵۆزیەكی سیاسیو ئەمنی خراپ ڕوو لەناوچەكە دەكات.

بەردەوام بوون لەسەر هەمان هەڵوێستو سیاسەت لەلایەن حەماسەوە بەرامبەر كێشەكە، خەڵكی فەلەستین زۆر لەو دەسكەوتانەی ١٤ ساڵی ڕابردووی لەدەست دەچێتو خۆی لەسووچێكی تەسكی گەمارۆدراو دەبینێتەوە. ئەمڕۆ بەهۆی كێشە ئەتۆمیەكەی ئێرانو باری سیاسی باشووری لوبنان كە هێزە ئیسلامیەكانی ئەم وڵاتە پەلاماری ئیسرائیلی لێوەدەدەن، یان بە هۆی هەموو ئەو كارە تیرۆریستانەی بەناوی ئاینو ئیسلامەوە لەجیهانو عێراق ئەنجام دەدرێت دووژمنایەتی كردنی ئیسرائیلو ئەمریكا لەلایەن هێزێكی ئیسلامی وەك حەماس كارەساتێكی گەورەی بەدواوە دەبێت بۆ خەڵكەكەی.

سەركەوتنی حەماس لەهەڵبژاردنەكان ترسو گومانی تەنها لەدڵی جیهان بەرپانەكردووە، بەڵكو بۆتە هۆی نیگەرانی تەواوی بەرەی ڕزگاریخوازی فەلەستینی كە بەسەركەوتنی حەماس خۆی لەخانەی دوژمن دەبینێتەوە، هەموو ئەو دەسكەوتە سیاسییانەش دەخاتە ژێر مەترسییەوە كە لەم چەند ساڵی ڕابردووە بەدەست هاتووە.

باشترین ڕێگاچارە بۆ دەرچوون لەم قەیرانە تازەیە ئاوڕدانەوەیەكە لەلایەن حەماس بۆ ئەو هەموو ئەزموونە تاڵەی خەڵكی فەلەستین كە كێشەكەی تەنیا لەڕێگای سیاسەتی نێودەوڵەتیەوە چارەسەردەكرێت كە ئەمڕۆ ئەمریكا بەڕێوەی دەبات، هەرچی شیعاری توندڕەوی یان تیۆری هەیە هیچ خزمەتێك بە كێشەی فەلەستین ناگەیەنێ.

رووخانی بەعس لەعێراق كە خۆی بەخەمخۆری كێشەی فەلەستین ناودەبرد بۆ بەردەوامی دەسەڵاتی ئەو كارەساتانەی بەسەر میللەتی عێراقی هێنا، یان ئەو بارە سەختەی ڕژێمی سوریا بەخۆیەوە دەیبینێ كە چاوەڕوانی پەلامارێكی ئەمریكا دەكات لەهەموو ساتێك دەبوایە باشترین ئەزموون بوایە بۆ پیاچوونەوەیەك بۆ سەرانی حەماس كە ئەمڕۆ جیهانو ناوچەكە بارێكی سیاسی تازەی هەیەو تەنها هێزێك بڕیاردەرو بەرنامەڕێژی پاشەڕۆژبێت ئەمریكایە، بۆیە دەرچوون لەو سیاسەتو بەرنامانەی ئەمریكا لەناوچەكە، یان دژایەتی كردنی وەك خۆكوشتن وایە.

ماڵپەڕی بازنەكانی بوون
WWW.baznekan.com

# سوپاسنامەی ڕوئیا تلوعی

ئیمڕۆ كە ئازادمو دیسان دەنووسم، ئیمڕۆ كە ئەزموونی زۆر ناخۆشی زیندانو سلوولی تاكەكەسیو ئازارو ئەشكەنجەكانیم تێپەڕاندووە، ئیمڕۆ كە بەهۆی داخوازی ئازادی بۆ نەتەوەكەم دادگایی دەكرێمو ناچار لەوڵاتەكەم دوور كەوتوومەتەوە، سوپاسو پێزانینی خۆم ئاراستەی تەواوی تێكۆشەرانو خەباتكارانی ڕێگای ئازادیو دیموكراسی لەهەر جنسو نەتەوەو بیرو باوەڕو حیزبو بزاڤێك دەكەم كە هەوڵیان داوە بۆ ڕزگارییم لەزیندان. بێگومان هەوڵی ئێوەی بەڕێز نەبوایە منو چالاكانی تری مەدەنی بە بارمتە ئازاد نەدەكراین.

ئێستا كە لەئێران نیم، لەدەرەوەی سنوورەكانی نیشتیمانە خۆشەویستەكەم، ڕۆژهەڵاتی كوردستان، كلیكی هەر سایتێكی ئینتەرنێتی دەكەم خێرا دەكرێتەوە ـ بە پێچەوانەی ئێران كە بەهۆی فیلتەر دانانو سانسۆرەوە هەموو سایتێك بەستراوە، ئەمجار دەزانم چ زەحمەتێك بۆ ئازاد كردنم كێشراوە.

سوپاسی هەموو نووسەرانو هەروەها چالاكانی مافی مرۆڤو ڕێكخراوەكانی مافی مرۆڤ، چ كوردستانی، چ ئێرانیو چ نێو نەتەوەیی دەكەمو سوپاس بۆ سەرجەم بەڕێوەبەرانی سایتە ئینتەرنێتییەكانو ژوورە كوردییەكانی پاڵتاكو وێبلاگنووسەكانو ئەو رادیۆو تەلەفزیۆنە كوردیو فارسیانەی كە هەواڵەكانی سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتی كوردستانیان بڵاو كردۆتەوە. سوپاسی تایبەتم بۆ چالاكانی بزووتنەوەی ژنانی كورد و ژنانی ئێران كە بەئیمزای تۆمار پشتگیریان كردمو داوای ئازادیان بۆ كردمو ئیمڕۆش جێگای یەك لەوان خاتوونی شۆڕشگێڕی كورد مەرزیەی فەریقی خاڵییەو من لەزیندانی ژنانی سنە بووم كە هەواڵی دڵتەزێنی كۆچی دوایی مەرزیەمان بیستو زۆر خەمبار بووینو هەر لێرەشەوە لەلایەن خۆمو هەموو ژنانی زیندانی سنەوە سەرخۆشی لەكاك ناسرو دڵنیا خانمو گشت بنەماڵەی خاتوو مەرزیە دەكەم.

پێویستە ئاماژە بەوەش بكەم تەنیا بیرەوەری خۆشی من لەو ماوەدا كاتێك بوو كە ژنانی چالاكی بزووتنەوەی ژنانی ئێران لەتارانەوە هاتبوونە سنەو بەرێكەوت لەهەمان كاتدا كە بەكەلەپچەو چارشێوی زیندانەوە دەبرام بۆ دادگا بۆ چەند چركە بە دیداریان شاد بووم.

سوپاس بۆ ئەو ژنە نووسەرە فارسانەی كە بۆ پشتیوانی بزاڤی ژنانی كورد وتاریان نووسیو ئاشكرایان كرد كە ژن لەزوڵمو ستەم بێزارە و چالاكێكی مافی ژنان لەهەر نەتەوەیەك بێت دەزانێت نەتەوەی ستەم لێكراو چی دەكێشێت. هەروەها سوپاس بۆ وەكیلەكانم كە بەبێ هیچ داوای پارە



چەندین جار هاتنە كوردستانو هەوڵێكی زۆریان بۆ ڕزگایی من لەزیندان داو چالاكییان ئێستاش هەر بەردەوامە.

سوپاس بۆ زامنەكەم كە كەیارمەتی دام بۆ ڕزگاریی. سوپاسو پێزانین بۆ دایكو باوكو هاوسەرو بنەماڵەم كە ئازاری گیرانی منیان بەگیان كڕیو هەوڵیان دا بۆ ئازادیم. لەكۆتاییدا بۆ ئاگاداری ئیمەیلە پێشووەكانم بە ئیتلاعاتەو پەسۆردەكانیانم نییە. تكایە پێوەندی بەو ئیمەیلانەوە مەكەن كە لەخوارەوە دەیانووسمو هەروەها وێبلۆگەكەشم نەماوەو بەناوی منەوە هەمان وێبلۆگیان كردۆتەوەو سووكایەتی دەكەن.

ماڵپەڕێ كوردستان میدیا
WWW.KurdistanMedia.com

# ئینفلوەنزای وەزیران!

نووسینی: نزار جاف

ئەو هەواڵەی كە مەرگی "شەنگین عەبدولقادر"ی بۆ نەخۆشی ئینفلوەنزای باڵندە گەڕاندەوە پەردەلادانێكە لەسەر ئاستی دواكەوتوو و، دوور لەپێوەرە زانستییەكانی هەندێكی "ڕەچاوكراو" لەبەرپرسە"پلە یەك"ە كانی كوردستان. ئەقڵییەتی "گشگیر" بیانە، كە وەك دیاردەیەكی نەگەتیڤانەو زەق زۆرینەی بەرپرسانی گرتۆتەوەو بۆ پاراستنی "خۆیان" و "كورسییەكانیان"، ئامادەن یاری بە هەموو شتێك بكەن تەنانەت بە چارەنووسی خەڵكیش. ئەوەتا وەزیرێك كە تادوێنێ بە عالەمی ئاشكرا ڕایدەگەیاند كە "شەنگین عەبدولقادر"ی خەڵكی ڕانیە، بە نەخۆشی ئینفلوەنزای باڵندە نەمردبوو، بەڵام پشكنینەكانی وەزارەتی تەندروستی عێراق، پێچەوانەی ئەو ڕاگەیاندنەی كاكی وەزیری خستەڕوو! هەڵبەتە لێرەدا لەوانەیە گرنگ نەبێت بۆ وەزیری تەندروستی حكومەتی هەرێمی كوردستان "ئیدارەی سلێمانی"، كە پاساوی گونجاو بهێنێتەوە بۆ ئەو "گێچەڵە"ی كە مەرگی "شەنگین" بۆی هێنایە ئاراوەو، بەبێ ئەوەی كە تیشك بخاتە سەر بنچینەی ئەو هەڵە"كوشندە"یە و داوای لێبووردنێكی بێ یەكو دوو بكات، كەچی دەڵێت نە بای دیوەو نە باران، تەنانەت پێم وانیە كە هیچ وەزیرێك ئەوەندە "بوێرانە" بەردەوام بێت لەپۆستەكەی، هەر وەك جاران ئامۆژگارییە تەندروستییەكانی ئاراستەی خەڵكی كوردستان بكات. لەراستیشدا، كورد وتەنی "قسە قسە رادەكێشێ"، هەڵەی ئەم وەزیرەی ئیدارەی سلێمانی، هەڵەی وەزیرێكی ئیدارەی هەولێری حكومەتی هەرێمی كوردستانی بیرهێنامەوە، كاتێك كە مۆزەخانەیەك تاڵانكرا بەبێ ئەوەی ئەم دەست بەو دەست بزانێت! ئەمەو سەرباری ئەو هەڵەیە "كوشندانەی" وەزارەتەكەی سەبارەت بە بواردان بۆ دزەكردنی تیرۆریستانو ئەنجامدانی كاری تیرۆریستی لەپایتەختی كوردستاندا، ئەمە ئەگەر ڕێگە بە خۆمان بدەین هیچ شتێك سەبارەت بە تۆڕەكەی "شێخ زانا" نەڵێین كە بە"ڕێكەوت"، دووبارەی دەكەمەوە بە"ڕێكەوت"، ئاشكرابوو، نەك بەهیمەتی دەزگاكانی وەزارەتە "وریاكەی"، ئەوا بۆمان دەردەكەوێت كە دەبووایە وەزیری تەندروستی ئیدارەی سلێمانی ئەو جۆرە ڕەفتاری بكردایە، چونكە وەزیری ناوخۆی ئیدارەی هەولێر ئاوێكی وای ڕشتووە كە لەزۆریدا بەش دەكات بۆ مەلەكردنی "كۆمەڵە" وەزیرێك نەك تەنها یەك وەزیر! ئەم ئاوەش لەراستیدا، نەخۆشییەكی لەناو وەزیرەكاندا بڵاوكردۆتەوە، چونكە ئێستا باوی "ئینفلوەنزای باڵندەیە"، ئەوا بەگونجاوی دەزانین ناوی "ئینفلوەنزای وەزیران"ی لێ بنێین. خوالێخۆشبوو شەنگینو ئەو كەسانەی كە بەهۆی هەڵەی كوشندەی دەزگا بەرپرسەكانەوە گیانیان لەدەستدا، نابێت هەروا بەسادەو ساكاری باسیان بكەین، پاشان لەبیرمان بچنەوە. ئەو كەسانە بوونە قوربانییەك لەسایەی هەڵەی زەقی دەزگا بەرپرسەكاندا، دەبێت ئەو كەسانەی بەرپرسن، بوێرانە دەست لەكار بكشێننەوە، یان بە دەسەڵاتی یاسایی بەركەنار بكرێن "دیاریشە دەبێت ئەم ڕێگەی دووەمە بگرێتەبەر". ئێمە كاتێك لەمیدیاكانی سەرانسەری جیهاندا لافو گەزافی دیموكراتیو مافی مرۆڤو كۆمەڵگەی مەدەنی لێدەدەین، ئەزموونی سیاسی خۆمان وەك نموونەیی دادەنێین، دەبێت ئەو ڕاستییەش بزانین كە جیهان "لەگوێی گایا نەخەوتووە"، لەم جۆرە دیاردە زەقانە دەكۆڵنەوە، كاتێك دەبینن وەزیرێكی لەو جۆرانەی كە باسمان كردن، لەگەڵ ئەو هەڵە گەورانەی كە لەكارەكانیاندا ئەنجامیانداوە، هێشتا هەر لەپۆستەكانیاندا بەردەوامن، ئەوا ئەو كاتە دەبێت چاوەڕێی ئەوە بكەین كە زمانی حاڵیان بڵێت "هەزار ڕەحمەت لەكفن دز"!!

nezarjaff@gmail.com

ماڵپەڕی دەنگی سەربەخۆ